سەرۆک کۆمار: ئەرمەنیەکان بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی عێراق و جێگای شانازین

ئەمە چوارشەممە، سەرۆك کۆمار عەبدوللەتیف جەمال رەشید، تێئکیدیکردەوە: کە پێکهاتەی ئەرمەنی بەشێکی گرنگ و رەنگێکی عێراقیە کە شانازی پێوە دەکەین، و ئاماژەی بۆشکرد: ئێستا عێراق لە سەقامگیریەکی بەرچاوی ئەمنی و سیاسی و ئابووری بەهرەمەندە و ژینگەیەکی لەباری بۆ وەبەرهێنان لە چەند بوارێکدا هەیە. فەرمانگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆك کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ لە کۆشکی سەرۆکایەتی لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا لەگەڵ سەرۆك کۆماری ئەرمینیا ڤاهاگن خاچاتوریان کۆبوونەوەکەدا باسیان لە سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئەرمینیا و ڕێگاکانی باشترکردنی کرد، جگە لەوەی باسیان لە پێشهاتەکانی هەوداوە نەودەوڵەتییەکان کرد، هەروەك سەرۆك کۆمار ئاماژەی کرد بە گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندیی دەستانە لە نێوان هەردوو وڵات و فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاری هاوبەشی دوولایەنە لە ئاستە جیاوازەکاندا. هاوکات سەرۆك کۆمار جەختیکردەوە: کە پێکهاتەی ئەرمەنی لە عیراقدا بەشێکی گرنگ و ڕەنگێکی عیراقیە، شانازی پێوە دەکەین و ئەقڵیەکی پەیوەندیە بە قوکردنەوەی رایەڵەکانی نێوان هەردوو وڵات، ڕاشیگەیاند؛ مەژووی بوونی ئەرمەنیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیەکان و بەشداریی کاریگەریان لە بونیادنانی عیراق و قوربانیدانیان لەپێناویدا

هەبوو. هەروەك ئاماژەی بۆ رادەی هاوسۆزی عیراقییەکان و هەستکردنیان بۆ ئازاری کەمەکوژییەکان کرد، کە دژی ئەرمەنییەکان ئەنجامدراوە، بۆپێی عیراقیش بۆ هەمان ئازاردا تێپەڕیوە و لە قەناغەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری کەمەکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال ئەنجامدراون، دوا تاوانیش دژەهەق بۆ عیراق لەلایەن داعشەوە ئەنجامدرا. سەرەك کەمار بەرژەوەندی عیراقی بۆ چەسپاندنی بناغەکانی پێوەندی لەگەڵ ئەرمینیا لەڕێگای چالاککردنی میکانیزمی کاری دوو قۆڵی و بەدواداچوون بۆ دەرەنجامی کێبووندەوکانی لیژنەی هاوبەش، کە لەم دواییانەدا لە بەغداد بەڕێوەچوو رونکردەوە و ئاماژەی بۆ پێویستی بەهێزکردنی هاریکاری کرد لە بواری تەکنەلۆژیا و بۆ دیجیتاڵکردنی کەرتی ئابووری و خزمەتگوزاریەکانی دیکەی دیجیتاڵی و حکومەتداری. هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە سەرەك کەمار دووپاتیکردەوە: ئێستا عیراق خاوەنی سەقامگیرییەکی بەرچاوی ئەمنی و سیاسی و ئابوورییە و ژینگەیەکی گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لە زۆر بواردا، بەتایبەتی سەبارەت بە پەرەپێدان و نوێکردنەوەی ژێرخانەکەی، سەرەڕای ئاوگەڵی بازرگانی و هاریکاری لە کەرتی گەشتیاری و ژینگەیی، ئاماژەی بۆشکرد: کە عیراق پێشوازی لە بەشداری کەمپانیا ئەرمەنییەکان دەکات لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان لە بواری جیاوازەکاندا. هاوکات سەرەك کەمار پێشوازی گەرمی خاچاتوریان-ی بەرزنرخاند و بانگهێشتەکی رەسمی ئاراستەی سەرەك کەماری ئەرمینیا کرد بۆ سەردانی بەغداد لە ساڵی 2024دا، و لەلایەن سەرەکی ئەرمینیاوە قبوڵکرا. لای خۆیەوە سەرەکی ئەرمینیا شانازیی خۆی بە سەردانەکەی سەرەك کەمار بۆ ئەرمینیا دەربڕی، کە کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر سروشتی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەبێت و ئاماژەی بۆدا، کە سەردانەکی مێژووییە بۆپێی یەکەم سەردانە لەلایەن سەرەکەکی عیراقەوە ئەنجامدەدرێت. سەرەك کەماری ئەرمینیا هەروەها ستایشی رۆڵی سەرەکی عیراقی کرد لە بەرقەرارکردنی سەقامگیری لە خەرەساتی ناوچەکەدا و پشتیوانیکردنی لە چارەسەری ئاشتیانەی قەیران و کێشەکانی جیهان. دواتر هەردوو سەرەك سەرەکایەتیی کێبونەوەیەکی فراوانی نێوان هەردوو وەفدیان کردو تیایدا تاووتوێی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامە و یاداشتەکانی لێکتێگەیشتنیان لە چەند بوارێکدا کرد، کە بەرژەوەندی بااڵی هەردوو وڵات و گەلی دۆست بەدەستبهێنێت. بەیاننامەکە ئاماژەی بۆ ئاوشکردووە: کە لە کێبووندەوە فراوانەکەدا باس لە زۆر کەرتی هاوبەشی نێوان هەردووڵا کرا، وەك پێویستیی گەشەپێدانی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان بەغداد و یەریڤان، هەروەها لە نێوان هەولێر و یەریڤانیشدا، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیادکردنی هاتوچۆی گەشتیاران بۆ هەردوو وڵات و بەهێزکردنی پێوەندی و پێوەندییە کۆمەاڵیەتییەکانی نێوان هەردوو گەلی دۆست. هەر لە کێبونەوەکەدا پێوەندییە شارستانی و مێژووییە و کولتوورییە زۆرەکانی نێوان گەلانی عیراق و ئەرمینیا تاووتوێ کرا، کە بە دامەزراندنی پێوەندی دیپلۆماسی لە ساڵی نوێنەرایەتی دیپلۆماسییەوە لەسەرئاستی باڵیێز لە هەردووڵا پتەوتر کراون. هەروەها جێخت لەسەر گرنگی سەردانە ڕەسمییەکەی ئێستای سەرەك کەمار بۆ کەماری ئەرمینیا کرا لەووی چەسپاندنی پێوەندییە سیاسییەکان و فراوانکردنی ئاوگەڵی نێوان عیراق و ئەرمینیا و

چالاککردنی کاری لیژنەی دەستایەتی لە پەرلەمانی عیراق و ئەرمینیا بۆ گفتوگۆ و هەماهەنگی لە هەردوو وڵات و چەسپاندنی پەیوەندییە پەرلەمانییەکان، هەوڵەها هاوکاری بازرگانی و ئابووری و جێگیرکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە گەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا. هەر لە دیدارەکەدا باس لەگاکانی فراوانکردنی دەرفەتی هاریکاری نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی وەبەرهێنان و وزە و تەکنەلۆجیا و ئاسانکاری بۆ هاتنە ناوەوەی کەمپانیا و بازرگانان و هەوڵەها پاپشتیکردنی کەرتی گەشتیاری کرا. لەلایەکی دیکەوە جەخت لەسەر گرنگی هەوڵە هاوبەشەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بۆ هەموو شێوە و دەرکەوتەکانیەوە کرایەوە، هەوڵەها پێویستی پابەندبوون بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نێودەوڵەتی گشتگیر و یەکسان و نوێنەرایەتی بۆ پێی بنەما و ئامانجەکانی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئاماجی گەیشتن بۆ ئاشتی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی بۆ گەلان و گروپە نەتەوەیی و ئایینییەکان، دوپاتکرایەوە. هەروەك لە کۆبوونەوەکەدا تیشکخرایەسەر ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی نێوان هەردوو وڵات لە میانی دانیشتنی سێیەمی لیژنەی هاوبەشی حکومەتی عیراق و ئەرمینیا بۆ هاریکاری ئابووری، کە لە 12 تا 13ی ئەیلولی 2023 لە بەغداد بەڕێوەچوو، کە ئاماژ لێی بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات. هەروەها بانگەشەی پێویستی هەمەچەشنکردنی پەیوەندی بازرگانی و درێژدان بە گەشەکردنی وردە وردەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و چەکردنەوەی گفتوگۆی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی هاوکاری لە بوارە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان، بە جەبەجەکردن و چالاککردنی میکانیزمەکانی هاندانەکانی حکومەت، دوپاتکرایەوە. هەر لە کۆبوونەوەکەدا تیشك خرایە سەر ڕێگاکانی پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا هاوبەشەکانی وزە، گواستنەوە، خزمەتگوزاری لۆجستی و پەیوەندییەکان، لەوانە پەرەپێدانی بەرنامە لە بوارەکانی وزەی نوێبووەوە و دوبارە، لەسەر بنەمای بنەماکانی ئاسایشی وزە و سەربەخۆیی، گرنگیدان بە سروشت و گەشەپێدانی بەردەوام لە هەردوو وڵات، پێویستی ئاڵوگۆڕی ئەزموون و زانیاری لە بواری پلاندانانی تەلارسازی و ناساندنی نوێترین تەکنەلۆژیا لە بواری بیناسازی و پاشکۆتکردنی وزەی مەدەرن و روبەری سووزایی، گەشەپێدانی ژێرخانی پشکۆتوو لە بواری بیناسازی شارستانیدا.

پەرەپێدانی هاوکاری لە بواری تەکنەلۆجیا لەنێوان هەردوو وڵاتدا جەختی لەکرایەوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی دیجیتاڵکردن، جەبەجەکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان، پەرەپێدانی زیرەکی دەستکرد، بەرنامەی هاوبەشی پەروەردەیی تەکنەلۆژی، جگە لە قووڵکردنەوەی هاریکارییەکان لە بوارەکاندا لە پەروەردە، ڕەشنبیری، وەرزش، کاروباری گەنجان، گەشتیاری، تەندروستی، کار، پرسە کۆمەڵایەتییەکان، و پاراستنی ژینگە، و هاندانی پەیوەندییەکانی نێوان زانکۆکان، ناوەندە زانستی و توێژینەوەکان و دامەزراوە ڕەشنبیرییەکان لە هەردوو وڵات، هەروەها ئاسانکاری بۆ بەڕێوەبردن لە کۆنفرانس و وەرك شۆپ و پێشانگا و بەنە و چالاکییەکانی دیکە کە ئامانجیان پەرەپێدانی هاوکارییە لە بوارەکانی زانست و پەروەردە و سیاستی گەنجان. بۆ ئاماژەدان بۆ پێویستی قووڵکردنەوەی هاوکاری لە بوارەکانی پاراستنی کەلتووری دەوڵەمەندی مەژووییی و کولتووری هەردوو وڵات و جەبەجەکردنی توێژینەوە

شۆڕشواریيەکان و بەرەنگاربوونەوەی هێناردەکردن و هاوردەکردن و فرۆشتنی نایاسایی کەلوپەلی کۆن و شۆڕشواری و هاوکاری لە چوارچێوەی یونسکۆ، کەبەندی کەلتوری شارستانیەت و پلاتفۆرمە فرەلایەنەکانی تر. جگە لە گرنگی هاوکاری لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و بەرەوپێشبردنی بەها دیموکراسیەکان و لێبوردەیی بە گرتنەبەری هەنگاوەکان بۆ قوڵکردنەوەی پێیوەندییە مرۆڤویی و کولتووریيەکانی هەنووکەیی نێوان مرۆڤەبۆ ئایینییە جیاوازەکانی ئەو دوو وڵاتە، هەروەها بەرەوپێشبردنی دیالۆگ لەنێوان ئایین و مرۆڤەبۆکاندا. هەروەها باس لە پرسە هەنووکەییەکانی بەرژەوەندی هاوبەش سەبارەت بە هاوکاری لە پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کرا.